ساڵی حەڤدەهەم-ژمارە (٤٧٠٩) دووشەممە ٢٠٠٨/١٠/٢٧ No: 4709 Monday 27/10/2008

نووسەرو رۆشنبیری میسر مەمدوح ئەلشێخ بۆ کوردستانی نوێ:

هاوپەیمانێتیی کوردو ئەمریکا هەنگاوێکی گرنگە لەڕێگەی بەدیهێنانی خەونی کورد

بەمەبەستی زانینی بیروبۆچوونی رۆشنبیرانی عەرەب بەرامبەر بە ماف و داخوازی و رۆڵی نوێی کورد لە عیراقی پۆست سەدامدا، کوردستانی نوێ کۆمەڵێك گفتوگۆ لەگەڵ ئەو رۆشنبیرە لیبرالە عەرەبانەدا دەکات کە بروایان بە پێکەوە ژیان و فرەیی هەیە.

گفتوگۆ: فاروق عەبدول

***کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی چەندین ڕێگەی تاقیکردەوەو لەدەرکای چەندین هێزی دیکەی داوە، پێتوایە چارەسەری کێشەی کورد بەتەنیا خۆی لەدەوڵەتێکی کوردیدا دەبینێتەوە؟**

-کێشەی کورد بەهۆی گەورەیی و ئاڵۆزییەوە، وایکردووە نەتوانرێت بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی چارەسەربکرێت، تەنیا بەدامەزراندی سیستمی نوێی جیهانی نەبێت، کە ئەمە بیروبۆچونی سەعید حوی بیرمەندی ئیسلامی کوردییە، هەروەها پێویستە لەسەر کوردەکان بەپلەی یەکەم بیر لە مانەوە لەژێر سەقفی دەوڵەتی ئێستا بەو سنوورەی کەهەیەتی بکەنەوە، بەبۆچوونی من دەکرێت لەم ڕێگەیەوە دەستکەوتی زیاتر بەدەستبهێنن لەوانە: ئارامی، داواکردنی مافە سەرەکییەکانی لەرێگەی بەکارهێنانی شێوازی ئاشتییانە، بەهێزکردنی پەیوەندییە رۆشنبیریەکانی کورد لەسەرجەم جیهاندا، هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان دژ بەدەمارگیریی: جا ئەو دەمارگیرییە دینی بێت یان نەتەوەیی یان نیشتمانی، بۆیە دەکرێت بڵێین کە لەمەودای دوردا کاریگەری ئەو شێوازانە بەیەکەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی کەشوهەوایەکی جیاواز کە دەگونجێت کوردەکان ببنە پردێك لەنێوان گەلانی ناوچەکە و هەرێمی کوردستانی عیراقیش ببێتە بنکەی بیناکردنی بزوتنەوەی هەستانەوەی کوردی بەشێوەیەکی ئاشتیانە، بە پشتبەستن بەهەردوو بواری رۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەبونیاتنانی ئایندەدا.

*** لەئێستادا ئەمریکاو خۆرئاوا بەجۆرێك لەجۆرەکان پشتیوانی کێشەی کورد دەکەن، تاچەند کورد دەتوانێت ئەو پشوانییە لەبەرژەوەندی خۆی تەواوبکات؟**

-بەدڵنیاییەوە مەسەلەی کورد سەبارەت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کێشەیەکی ئاڵۆزو شێواوە، ئەگەر بەشێوەیەکی سادە پێوەری پەیوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیا وەربگرین، کەیەکێکە لەکۆڵەکە گرنگەکان بۆ ئاسایشی ئەمریکا لەجیهاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەیوەندییە رووبەرووی لەرزینی راستەقینە بووەتەوە، لەبەرئەوەی چەند جارێك ئەمریکا لایەنگری مافەکانی کوردی کردووە، هەربۆیە لەکاتی دانوستانەکانی ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك پێش چوونە ناوەوەیی هێزەکانی بۆ ناو خاکی عیراق بەهۆی داواکردنی تورکیا بەچوونە ناوەوەی هێزی تورکی بۆ (باکوری عیراق)، دواتر ئەمریکا رازی نەبوو بەو داواکارییەی تورکیا، بەڵام بەڵێنی پێدا کە ناوچەیەکی حوکمی زاتی بۆ کوردەکان دروستبکات، لەکۆتایدا هەوڵەکان دووبارەبوونەوە لەدەستتێوەردانی راستەخۆ لە(باکوری عیراق)، هەموو ئەم ئاماژانە بەڵگەن لەسەر مەودای جدیەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لەراستگۆیی بەڵێنەکانی بەرامبەر بەکورد.

بۆ پارێزگاریکردن لەو بەڵێنانە بەپلەی یەکەم پێویستی بەدارشتنەوەی هاوپەیمانێتییە سیاسیەکانی ناو عیراق هەیە بەشێوەیەك کە کورد بێتە (تای تەرازوو) لەواقعی سیاسی عیراقیدا، هەروەها بوژاندنەوەی پەیوەندییە مێژوویەکانی کورد لەگەڵ لایەنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە کاراکان بۆ بیناکردنی وێنەی کورد لەسەر ئەو بنەمایەی کە شەریکی ئارامی و ئاسایشن نەك دروستکردنی کێشەو ئاستەنگ، هەر کاتێك گوشارە ئیقلیمییەکان لەسەر واشنتۆن لەمەلەفی کوردیدا لەنزمترین ئاستدابووە، هەموو کاتێکیش ئاراستەی بەردەوامبوونی پشتیوانییەکانی ئەمریکا بۆ ئەوان کەمتر بوونەتەوە، پێموایە سەرۆك تالەبانی بەڕێژەیەکی بەرچاو لەو مەسەلەیەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام هەتا ئێستا نوخبەی رۆشنبیرو ڕاگەیاندنی کوردی لەو مەسەلەیەدا سەرکەوتوو نەبوون لەبەیەکگەیشتن لەگەڵ جیهاندا، لەکۆکردنەوەی دۆستان و پشتیوانانی مافەکانی کورد، لەنێوانیاندا ئەو جەنگە بیروڕا هەڵگیرساوەیە لەدەورتان و زۆربەی ئاگرەکەش ئامانجی ئێوەیە.

*** بەدێژایی مێژوو کورد چەوسێنراوەتەوەو رووبەرووی داگیرکاری بۆتەوە، بۆ قۆناعی ئێستا چ سیاسەتێك بەگونجاو دەزانیت بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی کورد؟**

- لەئێستادا جیهان پشتیوانی لەنەتەوە توندڕەوەکان ناکات، هەروەها زۆر گرنگە ' کە بنیاتنانی وێنەی خەونەکانی کورد لەسەر بنەمای بیروبۆچونی ڕەگەزپەرستانە نەبێت، هەرچەندە ئەو بۆچوونە پەسندو خوازراو یەکلایکەرەوە بێت بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لەدەوری خۆی، ناسنامەی کورد کە خاڵێکی دابەشکراوە لەنێوان چەند نەتەوەیەکی کۆنی وەکو عەرەب و فارس و تورکدا، لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەست بوونی بەهێزی کورد بەئیسلام وەك ناسنامەی دینی و سوربوون لەسەر رۆشنبیری پێکەوەژیان و تێکەڵاوبوون و ڕێزگرتنی بەرامبەر، لەو مەرجانەن کە لەمە زیاتر نییە بۆ هەر هەوڵێکی کوردی.

هەروەك لەسەر کوردەکان پێویستە گرنگی بدەن بە (بنچینە رۆشنبیریەکان بۆ سیستمی سیاسی)، وەك دەروازەیەك بۆ هەڵبژاردنی هاپەیمانەکانیان، لەبەرئەوەی ئەو سیفەتە زیاتر جێگیرو روونە لەهەڵبژاردنی هاوپەیمان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بەتەنیا، بۆیە لەم روانگەیەوە رەنگە ئایندەمان باشتربێت لەبوونی یەك جەمسەری گەورە کە بیربۆچوونێك پەسند بکات لەگەڵ بەهاکانمان گونجاو بێت، بۆنمونە: باوەڕبوون بەئاینە ئاسمانییەکان و دیموکراتی و ئابوورییە رکابەریی و فرەیی رۆشنبیریی لەجیاتی بەشداربوون لەسەرخستنی هێزێك رۆشنبیرییەکەی لەسەر بنەمای دیکتاتوریی و تاکڕویی و یەك رۆشنبیریی بێت.

لەرووی سودیشەوە، هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکادا دەگونجێت هاوکار بێت لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام (بەپێی بۆچوونە سادەکانم) نەك لەداهاتوویەکی چاوەڕوانکراودا، ئەو رۆڵە ئیجابییەی ئەمرێکا لەهەریەك لەژاپۆن و ئەڵمانیا دوای شکستهێنانیان و چوونە ژێر دەستی ئەمریکاوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا داگیرکەر نەبووەو شەیتان نیە، کەئەمەش بەسە بۆ ئەوەی کوردەکان هاوپەیمانبن لەگەڵیدا بەو پێیەی ئەو هاوپەیمانێتیە هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێشەوە لەرێگەی بەدیهێنانی خەونی کوردی.

***لەدوای جەنگی کەنداو کارەساتی ١١ی سێپتەمبەرەوە، ئەمریکا لەهەوڵی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە، تاچەند ئەو سیاسەتانە لەبەرامبەر بەوڵاتانی عەرەبی و عیراق بەتایبەتی هەڵگری ئەجێندایەکی راست و دروستە؟**

-ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە، چونکە وەڵامدانەوەی ئەو چوارچێوەیە دیاریدەکات کە پەیوەندی نێوان هەردوو لایەنی لەسەر بیناکراوە، ئایا پەیوەندییەکی هاوپەیمانی شان بەشانە، یان پەیوەندییەکی هاودژو گومانلێکراوە، بگرە زیاتر پەیوەندییەکی دوژمنکاریی تەواوە کە لەپشت چەند درۆیەکەوە خۆی حەشاردراوە، لەراستیدا سەرەتای وەڵامدانەوە بەبۆچوونی من، دەکرێت پێچەوانەی ئەو پرسیارە بێت، ئەویش ئەوەیە کە ئایا تاچەند عەرەب راستگۆیە لەبەرامبەر ئەوەی کە ئەمریکا هاوپەیمانیانە، بەشێوەیەکی تایبەتی نوخبەی عیراقی کە لەگەڵ روخانی ڕژێمی بەعس لەتاراوگە گەڕاونەتەوە؟ بەبێ چوونە ناو وردەکارییەوە، ئایا لەرووی ئەخلاقی یان شەرعییەوە پەسندە لای هەندێك نیەتی فریودەری ئەمریکاو درۆکانی ببێتە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکان بەهەر شێوەیەك بێت.

لەراستیدا راستگۆیی سیاسەتی ئەمریکا لەجیهانی عەرەبی و بەتایبەتی لەعیراقدا، ناکرێت بەبیرۆچوونی هەر شیکەرەوەیەك گەر راستگۆش بێت حوکمی بەسەردا بدرێت، دەکرێت پشت بەچەند پێوەرێکی دیاریکراو ببەستین، لەو پێوانە بەهێزو بگرە یەکلایکەرەوانە ئەوەیە کە ئەمریکا لەسەردەمی دەسەڵاتی جۆرج بوشدا بەشێوەیەکی راستگۆیانە مامەڵەی بەرامبەر جیهانی عەرەبی و عیراق بەگشتی کردووە، روخانی ڕژێمی عیراق کە تێچوونێکی زۆرو زەوەندی بەدوای خۆیدا هێنا، بۆ نمونە: سەرفکردنی ملیار دۆلار، کوشتنی هەزاران کەس، هەڵچون و داچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان(فەرەنسا، روسیا، چین) سەرباری کێشە ئیقلیمییەکان لەم ناوچە هەستیارەدا، هەر بەهۆی ئەو بڕیارە بوێرەوە کاریگەریی کردە سەر پەیوەندییەکانی میسر، تورکیا، سوریاو سعودیە بەشێوەیەکی جیاواز، باجی ئەم کارانەش کە ئەمریکا دای، ناچارنەبوو کە هەر دەبێت بیدات، جگە لەوەی کە سەرەتای کارکردنی بوو بەشێوەیەکی جیاواز کە زیاتر پێوەری راستگۆیی تێدا بەرجەستەبوو.

لەم راوانگەیەوە هەموو ئەو بەڵگانە ئاماژەن لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا راستگۆیە لەبڵاوکردنەوەی دیموکراسی لەعیراق و جیهانی عەرەبی.

هەروەها کەموکورتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبنەڕەتدا بۆ نەبوونی هەڵوێستێکی هاوسەنگ لەکێشەی عەرەب- ئیسرائیل دەگەڕێتەوە، بەڵام سەبارەت بەمەسەلەکانی دیکەی وەك: پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە- پرۆسەی ئیحتیواکردنی ئێران و گوشار لەسەر سوریاو پاڵپێوەنانی سودان بەئاراستەی گۆڕانکاریی ریشەیی بەرەو فرەیی، ئەو دۆسیانەن کە دەبینین ڕێڕەوێکی ئیجابیان وەرگرتووەو لەگرنگترین رووە دیارەکانیشی ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێت بەشێوەیەکی ریشەیی دارشتنەوەی لەهەیکەلیاندا بکات نەك تەنیا بە بەکارهێنانی (مسکن)، هەروەها دژی هەر جۆرە ملدانێك بووە بۆ ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، یان پەسندکردنی بەپلەیەك (ئەگەر مەترسیەکانی سنوردابێت) بۆ گۆڕینی بەشێوەیەکی باشتر، بێگومان هاوکارییەکان بۆ لەکارخستنی پەروێز موشەرەف-ی سەرۆکی پاکستان وانەیەکی تەواو گرنگ بوو، ئەو پیاوە هاوپەیمانی پێشووی ئەمریکا بوو، سەرۆکی دەوڵەتێکی ئەتومی بوو، وڵاتەکەی هاوسنووری دەوڵەتی ئەفغانستانی فرە هەستیار بوو، هەروەها پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی لەپاکستاندا لەهەر ساتێکدا هەرەشەبوون بۆ تەقینەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەمریکا بەشێوەیەکی روون و نیمچە ئاشکرا هەستا بە ڕۆلبینین لەرزگاربوونی لەو جەنەڕاڵە.

لەراستیدا ویژدانمان دەستگیرێیمان دەکات کە بڵێین بوونی ئەو بارودۆخە دڵگرانە لەناوچەکەدا لەبنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامی سیاسەتەکانی ئەورووپا هەتا جەنگی دووەمی جیهانی، ئەوان بەرپرسیاربوون لە نەخشەکێشان و دروستکردنی ئەم ناوچەیەو چاندنی تۆی دووبەرەکی کە تاهەنوکەش لەبەروبوومەکەی دەچنەوە، بۆیە بەر لەم مێژووە ئەمریکا لەگۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا خاوەن بڕیار نەبووە.

-ساڵی ١٩٦٧ لەمیسر لەدایك بووە
-بەڕێوەبەری سەنتەری تێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەو راگەیاندن و تەسویق (مداد)-میسر
-ئەندامی ڕێکخراوی (کتاب بلا حدود) ئەڵمانیا
-خاوەنی چەندین کتێب و نوسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێرانە لەسەرجەم بوارە جیاجیاکاندا لەوانە:
(الإسلاميون والعلمانيون من الحوار إلى الحرب -الأردن -١٩٩٩)، (القاهرة.. بيروت.. باريس (رواية)- بيروت -٢٠٠)، (حرية التعبير بين القانون العادل والقاضي الظالم -مصر - ٢٠٠٦)، (ثقافة قبول الآخر- مصر-٢٠٠٧) ..... هتد
-هەروەها چەندین بەرهەمی دیکەی لەژێرچاپدان و ئامادەن بۆ بڵاوکردنەوە:
الأقباط والدولة والغرب: من الصياد ومن الفريسة؟
الهولوكوست النازي: خطأ الإنكار وخطيئة الاحتكار (رؤية إسلامية)
-لەبواری راگەیاندندا: بێجگە لەنوسینی رۆژنامەوانی لەژوورەی رۆژنامە عەرەبیەکاندا، وەك بەشداریکارو ئامادەکاری چەندین بەرنامەش لەکەناڵە ئاسمانیەکاندا کاریکردووە، لەوانە کەناڵی دریم و ئەبوزەبی .. هتد

رابردوو ئێستاو داهاتووی سیاسەتی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست-دا

گفتوگۆیەك لەگەڵ هێنری کیسنجەر

دوای ئەوەی هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا لە ٦/ی ئەم مانگەدا خەڵاتێکی وەرگرت لەپای وەك پیاوی دەوڵەت دەستنیشانکرا، رۆبەرت ساتلوف بەڕێوەبەری کارگێری پەیمانگەی واشنتۆن بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی نزێك گفتوگۆیەکی لەگەڵ ئەنجامدا لەبارەی رابردوو، ئێستاو داهاتووی سیاسەتی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئەمە پوختەکەیەتی.

ئامادەکردنی: لاپەڕەی شێکاری سیاسی

***ئەمڕۆ گەورەترین ئاستەنگ کەڕووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە چییە؟**

کیسنجەر: رۆڵی ئێران و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و رەنگدانەوەی ئەمە لەسەر تیرۆریزمی جیهادی.

***ئەمریکا چۆن دەتوانێت ڕێ بگرێت لەئێران لەبەدەستهێنانی توانای سەربازی ئەتۆمی؟**

کیسنجەر: ئەگەر هاتوو ئەم مەترسییە نەهێڵدرێت ئەوا بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی زیانی گەورە بەمرۆڤایەتی دەگەیەنێت، دەمەوێت ئاماژە بەوەش بدەم کە لەجەنگی ساردا لەرووی پراکتیکییەوە لەو کاتەدا هەندێك دەوڵەت ئەم چەکەیان هەبوو کەبەشێوەیەك لەشێوەکان هەمان مەترسییان هەبوو، لەمرۆشدا چەکی ئەتۆمی کە بڵاو دەبێتەوە هەست بەسنووری موجازەفە دەکەیت بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە، کەدەگاتە دەست دەوڵەتانێك کەپێیانوایە تەقینەوە خۆکوژییەکان ستراتیژێکی بەسوودەو ژیانی مرۆڤایەتی لەروانگەیەکی جیاواز کەپەیوەندیی بەوەوە هەیە لەژیانێکی تردا چی ڕوودەدات نەك لەم ژیاندا چی ڕوودەدات دەبینن، هەروەك لەوانەیە ئەو چەکە بکەوێتە دەست ئەو کۆمەڵگەیانەی کەدەتوانن پارێزگاری لەخۆیان بکەن وەك ئەوەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەیکەن، بۆیە لەبەر هەموو ئەم هۆیانە ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی بەهەر نرخێك بێت دەبێت بکرێت. پێویستیشە ڕوون و ئاشکرابین بەرامبەر هەندێك مەسەلەی وەك، کات چەند ماوە لەبەردەم دیپلۆماسیدا بەواتایەك کەی دەگەینە ئەو قۆناغەی کەپڕۆسەی ئەتۆمی ئێران گەیشتۆتە ئاستێك مەحالە ڕابگیرێت، یان کەی دەتوانن بری مادەی ئەتۆمی پێویستیان هەبێت (ئێران) بۆ لەناوبردنی ئەو دراوسێیەی هەڵیدەبژێرێت، توانای چەندە بۆئەوەی ئەمە بکات لەبەردەم دەنگدانی بەکۆی ئەنجومەنی ئاسایش بەپشتگیریی ئەڵمانیاو ژاپۆن دژی بەردەوامییان لەچالاکی ئەتۆمی، سیستمی نێودەوڵەتی چیدەکات ئەگەر دەنگدانی بەکۆمەڵ بەرامبەر ئێران درا، کەی دەتوانین بگەینە ئەو قۆناغەی کەقەناعەت بەرای گشتی ئەمریکی بکەین کەهەموو هەوڵەکانمان خستۆتەگەڕ بۆئەوەی بەدووربین لەڕێوشوێنی توند دژی ئێران؟

لەبەرهەموو ئەم مەسەلانە گفتوگۆی ئەمریکام لەگەڵ ئێران پێی باشتربوو بەرامبەر ئەم مەسەلەیە، چونکە پێموایە لەئێستادا بەهاوکاری ئەمریکا سێ دەوڵەتی ئەورووپا لەگفتوگۆدان، بەڵام جگە لەچەند پێشنیازێکی لاوەکی هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

***ئەگەر گفتوگۆکان سەرکەوتوو نەبوون، دەبێت چی بکرێت؟**

کیسنجەر: ئەم مەسەلانە پێموایە دەبێت لە (١٨) مانگی سەرەتای ئیدارەی تازەی ئەمریکادا چارەسەربکرێن.

***کەواتە چوارچێوە زەمەنییەکە (١٨)مانگە پێش ئەوەی بڕیار بدرێت؟**

کیسنجەر: بەڵێ، پێموایە دەبێت دیالۆگیش بەشێك بێت لەپڕۆسەکە.

***بەوپێیەی تۆ لەسەردەمی هەرەشەکانی نازی و شیوعیدا ژیاویت، چۆن مەترسی توندڕەوی ئیسلامی لەمرۆدا هەڵدەسەنگێنیت، ئەو ستراتیژانە چین کەپێت وایە بەسوودە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاستەنگە؟**

کیسنجەر: سیستمی نێودەوڵەتی کەئەمەڕۆ هەموومان دەیناسین لەسەر کێانێك بونیاد نراوە ناوی دەوڵەتە، کیانی نوێی دەوڵەتیش دەرکەوت لەکاتی جەنگە ئاینییەکان کە لەسەدەی ١٧دا ڕوویدا، کاتێك سەرکردەکان گریمانەی ئەوەیانکرد کە مافیانە کۆمەڵگەکان ئاراستە بکەن بۆ پەیوەستبوون بەیروباوەڕە ئاینییەکانیان، دواتر بەهۆی ئەوکارەساتانەی لەمەکەوتەوە، سنوورێکی بۆدانرا، پەرە درا بەفیکرەی سەروەرێتی کەوا لەوڵاتان دەکات پێکەوە تەنیا لەچوارچێوەی خاکی ئەو دەوڵەتەدا کاربکەن، سیاسەتی دەرەکیش بەواتای کارکردن دێت لەدەرەوەی سنووری دەوڵەتەکە، بەڵام ناوەڕۆکی توندڕەوی جیهادیی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی فیکرەی دەوڵەتە، ئەمە فەلسەفەیەکی جیهانیی گشتگیرە کەپێویست دەکات پەیرەوبکرێت لەپێناوی گەڕانەوەی بۆ خەڵافەتێکی یەکگرتوو. ئەمەش تەنیا دامەزراوەکانی جیهانی ئیسلامی ئێستا بەئامانج ناگرێت، بەڵکو دامەزراوەکانی جیهانی خۆرئاواش بە ئامانج دەگرێت، ئەم فەلسەفەیەش بەسروشتی خۆی هەر فیکرەیەکی فرەیی ڕەتدەکاتەوە، چونکە بەبروای ئەو تەنیا یەك حەقیقەت هەیە کەواداەکات دژی ئەو دامەزراوانە بوەستێت کەنوێنەرایەتی بونیادی سیستمی نێودەوڵەتی دەکەن، بەمەش هەرەشە نەك تەنیا لەهەموو دەوڵەتێك، بەڵکو لەهەر دەوڵەتێکیش دەکات کەمینەی موسڵمانی تێدایە هەروەك ئەمە مەترسیش دروستدەکات بۆهەر دەوڵەتێك کە بەداهاتووی جیهانی ئیسلامی کاریگەر دەبێت. ئەگەر هەندێك پێیان وابێت ئەم مەترسییەی دوایی، ئیسرائیل بەئامانج دەگرێت ئەوا من پێمایە کەتوندڕەوە جیهادییەکان، ئیسرائیل قۆرخدەکەن، بۆئەوەی ڕێچکەی ئسوڵی زیاتر بگرن لەپێناوی بڵاوکردنەوەی فیکرەی ئیمپراتۆری ئیسلامی جیهانی فراوان، لەسەر ئەم ئەساسەش سەرکەوتنی جیهادییەکان تاڕادەیەکی مام ناوەند دەکرێت مەترسی بێت، نەك تەنیا بۆ ئیسرائیل، بەڵکو هند-یش کە ١٦٠ ملیۆن مسوڵمانی تێدایە ڕەنگە کاریگەربێت بەو شەپۆلی توندڕەوییەی ئەمڕۆ لەجیهانی ئیسڵامیدا بڵاوبۆتەوە.

*** ئەگەر ئامۆژگاری سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا بکەیت چی دەڵێیت لەرووی پراکتیکییەوە بەرامبەر ئەم کێشەیە ؟**

کیسنجەر: یەکەم شت کەلێرەدا پێویستمانە جەنگ لەعیراق بگاتە کۆتایی و پرنسیپی گفتوگۆکانی ناوخۆشمان جێبەجێ بکەین ڕووەو جوڵان بەرەو ئاراستەیەکی ڕاست، ئەگەر بارودۆخەکە لەعیراق پێشبکەوێت وەك ئەوەی ئێستا ڕوودەدات-لەماوەیەکی دیاریکراودا-دەتوانرێت کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەبارەی عیراقەوە بکرێت بۆ دیاریکردنی هەڵوێست لەرووی نێودەوڵەتییەوەو لەرووی یاساییشەوە دەستتێوەردانە ناوخۆی عیراق و پەرینەوە بۆ سنوورەکانی قەدەغەبکرێت، بەمەش پێموایە لەکۆتایی ساڵی داهاتوودا دەگەینە ئەم قۆناغە، هەروەها ئێران نەك تەنیا لەرووی مەترسی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، بەڵکو لەرووی ژیانەوەی فیکری ئیمپراتۆری ئێرانی لەعەقڵیەتی ئێرانییەکانیشدا ئاستەنگە، ئەمەش بێگومان هەوڵی ئێران بۆ جوڵاندنی پشێوییە ئاینییەکان و وروژاندنی بەربەستە شۆڕشگێرییە جۆراوجۆرەکان لەناوچەکەدا دەسەپێنێت، لەگەڵ ئەم تێڕوانینەشدا دەبێت لەچوارچێوە راستەکەیەوە سەیری بکەین، ئێران دەوڵەتێکی بەهێز نییە، بەڵام دەوڵەتێکە تاڕادەیەکی قبوڵکراو ئایدیۆلۆژیایەکی بەهێزو مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵکو تەنیا دەوڵەتە لەناوچەکەدا کە بەشێوەیەکی تەواو مێژوویەکی درێژی هەیە زیاتر لەهەر دەوڵەتێکی تر لەناوچەکەدا.

***کاریگەریی ستراتیژیی قەیرانی دارایی ئەمریکا چییەو ناوەڕۆکی ئەم قەیرانە چییە بەنسبەت سەرداڕێتی ئەمریکا لەسەر ئاستی کاروباری جیهانی؟**

کیسنجەر: پێموایە ئێمە زیادەڕۆییمان کردووە لەتوانای سەرداڕێتییمان، ئێمە لەیەك کاتدا ناتوانین زامنی ئاسایشی جیهان و کاروباری سیاسەتی ناوخۆو بارودۆخی ناوخۆی وڵاتانی تر بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرێدانی ئیمتیازەکانمان بەتواناکانمانەوە بەپێی پێویست کارێکی نێگەتیڤ نییە. بەنیسبەت قەیرانی دارایییەوە، ئەمە خۆی دەسپێنێت بەسەر وڵاتانی تریشدا، هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بەشێوەیەکی واقعبینانە وادەکات دەوڵەتەکانی تریش ناچاربن بەچاوخشاندنەوە بەئاستی بەشداری راستەقینەیان و پێویستیشە چۆنین لەکاروباری نێودەوڵەتیدا.

لەبەرئەوەی لەکاتێکدا کە کاریگەریی قەیرانی دارایی باش نییە لەمەودایەکی کورتدا، بەڵام وەك میکانیزمێك دەمێنێتەوە بۆ پاڵنان بەهەندێك دەوڵەتەوە بۆئەوەی لەمەسەلەکان بەواقیعبینانە تێبگەن، ئەمە بەسەر ئێمەشدا جێبەجێ دەبێت.

سەرەرای ئەوەش دوای تەواوبوونی ئەم قەیرانە دارایییە، ئەمریکا بە بەهێزترین دەوڵەتی جیهان دەمێنێتەوە، ئەو ئەمریکایەی بەهێزترین ئابووری و دامەزراوەی سەربازی هەیە لەسەر ئەم ئەستێرەیە، بۆیە پێموایە ئەگەر سەرکردایەتییەکی راستمان بۆ دەستەبەربوو ئەوا ئەم قەیرانە دارایییە سەرەتا دەبێت بۆ بونیادنانەوەی سیستمی نێودەوڵەتی سەرلەنوێ.

***کەواتە تۆ لەگەشبینەکانیت لەنیویۆرك؟**

کیسنجەر: بەڵێ، بەڵام بەمەرجێك ئەوە بکەین کەپێویستە بیکەین.